# سەروەری یاسا



خاوەنی ئیمتیاز
د. یوسف محەمەد عەزیز

یاسا، وەک بنەمایەکی جەوهەری و پتەوی پارێزگاریکردن لە مرۆڤ و کۆمەڵگە، بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی سەنگ و بەهای خۆی هەبووە. هیچ کۆمەڵگەیەکیش نەیتوانیوە، درێژە بە ژیانی ئاسایی خۆی بدات بە بێ ڕێکخستن و دیاریکردنی یاسایەک بۆ بەڕێکردنی ژیانی، جا گرنگ نییە ئاخۆ ئەو حکومەت و کۆمەڵگەیە هەڵگری چ سیستەمێکی سیاسییە، بەڵام ئاشێت یاسا، کە خۆی لە دووبارە ڕێکخستنەوەی ڕێڕەوی تاک و کۆمەڵگە دەبینێتەوە لە نێو چوارچێوەی دەوڵەتدا، سەروەر نەبێت، چونکە بوونی یاسا و دەستور لە نێو کایەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بە تەنها ناتوانێت هاوسەنگی نێوان ئاونبار و بێتاوان ڕابگرێت گەر لە نێو ئەو حکومەت و کۆمەڵگەیەدا سەروەری بۆ یاسا نەگەڕێتەوە. سەروەری یاساش پەیوەندی بە چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و شەرعییەتدان بە سیستەمی دیموکراسی و شەفافیەتەوە هەیە، بۆیە مومکین نییە بێ ئاوڕدانەوە لە دادپەروەری و ڕێزگرتن لە ماف و ئەرکی تاکەکان بتوانین بۆ هەمیشە یاسا سەروەربێت. لێرەدا مەبەستیشمان لە سەروەری یاسا هەر ئەوەنییە یاسا دابڕێژین یان یاساکان هەمواربکرێت، بەڵکو قسەکردنمان لەسەر ئەو چەمک و بنەمایانە بۆ ئەوەیە سنوورێک بۆ پێشێلکاریەکان دابندرێت.

دیارە بوونی یاسا بەس نییە بۆ داوەریکردن و ڕێکخستنی کۆمەڵگە، بەڵکو چەسپاندن و بە هەند هەڵگرتنی، لەئاست جۆنیەتی جێبەجێکردن و جێبەجێنەکردنی پێویستە، لاریش لەوەدانییە کێ سنوورەکانی یاسا دەبەزێنێت، چونکە تاوان و سەرپێچیکردن و لادان لە یاسا سەد دەرسەد مەترسی بۆ سەر ڕوحی یاساکان دروست ئاکات، بە مەرجێک لە ڕاست هەر تاوان و پێشێلکاریەکدا یاسا لە سەرووی بەرژەوەندیەکانی هەموولایەکدا بێت و بەڕاست و ڕەوانی بەسەر حزب و گروپ و تاکەکانی کۆمەڵگەدا جێبەجێبکرێت. هەڵبەتە پارێزگاریکردنیش لە یاسا، دەبێت بە کردەوەبێت و پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتەکانی دیکە ڕاستگۆیانە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، لە سەرووی ئەمانەشەوە دەسەڵاتی داوەریکردن" قەزا" دەبێت سەربەخۆبێت و تەنها مەبەستی داوەریکردن بێت، نەک لایەنگری.

دیارە لە هەر کات و شوێنێکیشدا پێچەوانەی ئەمە هەڵسوکەوتکرابێت و یاسا پشتگوێخرابێت، بێگومان ڕەوشی مافی مرۆڤ و عەدالەتی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و مەدەنیەت ڕووبەڕووی قەیرانێکی ترسناک بۆتەوە، نموونەی ئەو وڵاتانەی، کە تاکڕەوی و دەسەڵاتی تۆتالیتارین زۆرن، کە تا ئێستا نەیانتوانیوە لە ڕێگەی پارێزگاریکردن لە بنەماکانی مافی مرۆڤ و سەروەری یاساوە پێگەی خۆیان لە نێو ژیاری کۆمەڵگەکان قایمتربکەن و ببن بە وڵاتانێکی کراوە و خاوەن سەروەری لە چەسپاندنی بێ قەید و شەرتی یاسادا. هەرێمی کوردستانی عێراقیش وەک بەشێک لەو جیهانە گەورەیە، هەنگاوی بەرچاوی ناوە بۆ زیاتر چەسپاندنی یاسا، هەرچەندە وەک پێویست نەتواندراوە لەگشت بوارەکاندا یاسا سەروەربێت، بەڵام هەوڵی جددیش لە ئارادایە بۆ گەڕاندنەوەی سەروەری بۆ یاساکان لە دام و دامەزراوەکانی حکومەتدا.

نموونەی هەموارکردن و خستنە ڕووی بەشێکی ئەو یاسایانەی، کە تایبەتن بە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و ژیان و گوزەرانی خەڵک و ڕێکخراو و حزب و کۆمەڵگەی مەدەنیەوە بە بەشێکی گرنگی ئەو چالاکیانە دادەندرێت، کە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە هاوکاری سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان دەیخاتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بێگومان وێڕایی تێبینی و گلەییمان لەسەر ڕەوشی پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و سستی لە جێبەجێکردنی یاسادا، بەڵام نا ئومێدیش نین لەو هەوڵە جددی و دڵخۆشکەرانەی، کە دەسەڵاتەکانی نێو حکومەتی هەرێم بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادنان و چەسپاندنی دیموکراسەت و کۆمەڵگەی مەدەنی دەندرێت. ئێمەش وەک وەزارەتی مافی مرۆڤ لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، هەمیشە داکۆکیکارو پاڵپشتی ئەرێیانەی ئەو هەوڵانە بووینە، کە بۆ سەرکەوتنی سەروەری یاسا دەهاوێشترێت. بێگومان بە ڕێگە و میکانیزمی تایبەت بە وەزارەتیش. هەرچەندە هێشتا لە ئاست داخوازیەکانی ئێمەدا نییە، بەڵام بەردەوام داکۆکیکار و لایەنگری پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیمانکردووە، بۆ ئەوەی ڕۆژێک زووتر ئێمەش وەک گەلانی جیهان لە ژێر ڕۆشنایی چەمک و بەهای سەروەری یاسادا، کۆمەڵگەی خۆمان بەختەوەر بکەین، هەڵبەتە پێشمانوایە ئەو کاتە یاسا سەروەردەبێت، کە تاک و حزب و گروپ و دەسەڵات بەبێ فشار درووستکردن و لاملی بۆ یاسا، گیانی یاسا پارێزییان هەبێت و سەروەری یاسا لە سەرووی بەرژەوەندیەکانی خۆیی و ئەوانی دیکەدا بێت.